Jemal Nebez Foundation

دەزگای جەمال نەبەز

Dezgeha Cemal Nebez

**کۆمیسیۆنی خەڵاتی جەمال نەبەز**

سەر بە دەزگەی جەمال نەبەز، بەرڵین – ئەڵمانیا

دەربارەی بڕیاری کۆمیسیۆن لە پەیوەندی لەگەڵ خەڵاتی ٢٠٢٣ کە یەکەم خەڵاتە

کۆمیسیۆن لە ڕێگەی ڕاوێژ لە ناو خۆیاندا بە کۆدەنگی تەواو بڕیاریان دا کە خەڵاتی ساڵی ٢٠٢٣ پێشکەش بکرێ بە خاتوو زارا محەمەدی کە لە شاری سنە دەژی. ئێمە بە شێوەیەکی سەربەخۆ ئەو بڕیارمان داوە. دواتر ئەم بڕیارە هەروەها لە لایەن دەستی کارگێری دەزگەکەوە پەسند کراوە.لە ئێستادا کۆمیسیۆنی خەڵاتەکە ئەم ڕاگەیەندراوە بەم جۆرە بڵاو دەکاتەوە:

Ms Zara Mohammadi

خاتوو زارا محەمەدی

Xanim Zara Mihemedî

کۆمیسیۆنی خەڵاتی جەمال نەبەز، سەر بە دەزگەی جەمال نەبەز لە بەرلین، بڕیاری داوە کە یەکەمین خەڵاتی خۆی پێشکەش بە خاتوو زارا محەمەدی بکات وەک ڕێزگرتن لە هەوڵ و تێکۆشانی بێوچان و خۆبەخشانەی لە پێناو فێرکاریی زمانی کوردی، داکۆکیکردن لە مافی بنەڕەتیی زمانی دایکی، و بەرەنگاربوونەوەی لە دژی نکۆڵیکردنی ناسنامەی کوردی. زارا لەم ڕێبازەدا لە بارودۆخی دژواری کوردستاندا، کە زمان و ناسنامەکەی ڕێبەند کراون، بە ساڵانێک بەردەوام بووە. ئەو هەر بە هەوڵی تاکەکەسیی خۆی نەوەستاوە و بە هاوڕێیی ڕێکخراوەی ناحکومی نۆژین و بەهەرەوەزی پەرەی بە خەباتەکەی داوە.

زارا، سەرەڕای زەبروزەنگی زۆر و حوکمی ناڕەوا و زیندانیکردنی، بەئاشکرا و لە پانتایی گشتیی کۆمەڵگادا ئازایانە دەنگی لە دژی نادادپەروەریی زمانی و ناسنامەیی هەڵبڕیوە. بەم چەشنەش، ڕۆڵێکی گرینگی لە هۆشیارکردنەوەی ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان لەمەڕ ئەو نادادپەروەرییە هەبووە. ئەم خەباتەشی کاریگەریی مەزنی هەبووە؛ بە جۆرێک کە بووەتە هێما و ئیلهامبەخشی زۆرێک لە گەنجان و ژنان. ئێمە، وەک کۆمیسیۆنی خەڵاتی جەمال نەبەز، بە خۆشحاڵی و شانازییەوە خەڵاتەکە پێشکەشی زارای نیشتمان دەکەین.

لە ڕێگەی ئەم ماڵپەڕەوە، لە وردەکارییەکانی پەیوەندیدار بە چۆنێتیی پێشکەشکردنی ئەم خەڵاتە ئاگادارتان دەکەینەوە.

حاجی ئاکمان،

پرۆفیسۆر

بەشی ئارکیۆلۆژی، مێژوو، خوێندنەوە کولتوورییەکان و ئایین،

زانکۆی بێرگێن.

نەرویج،

بە نوێنەرایەتی کۆمیسیۆنی خەڵاتی جەمال نەبەز (بەڕلین، ئەڵمانیا)

بەرلین، ئەڵمانیا

ڕۆژی نەورۆزی ٢٠٢٣

Jemal Nebez Stiftung
Spichernstraße 15
10777 Berlin, Germany